# سەرۆکی هەرێم یان پارێزگار

**هیشام ئاکرەیی**

دەمێکە لە باشووری کوردستان هەموو پرۆسەی سیاسی و یاسایی و بەڕێوەبردن و یەکگرتنی هەردوو ئیدارە و پێشبڕکێ لەگەڵ لایەنی عەرەبی عێراق ڕاوەستاوە، گوایە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و دانانی سەرۆکێک بۆ باشووری کوردستان لە ئارادایە.
هەلبەتە هەوڵدان بۆ دانان و هەڵبژاردنی سەرۆکێک بۆ کوردستان کارێکی پیرۆزە. سەرۆکێک کە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕۆبەڕۆبۆنەوەکان بێت لە کوردستاندا. سەرۆکێک کە بەتەواوەتی سەرۆک بێت. سەری هەموو کەسانێکی کورد بێت. سەرۆکێک کە بتوانێت سەروەری بۆ کوردستان بەدیبێنێت. سەری هەموو کوردێک لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی بەرز بکات و بتوانێت ئاواتەکانی ئەو گەلە بەدی بێنێت و سەری دایکان و باوکان و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان (رحەت) بکات.  سەرۆکێک بتوانێت هەموو خاکی کوردستان ڕزگار بکات و ئامادەنەبێت سازشکاری لە سەر مافەکانی گەل و خاکی کوردستان بکات. سەرۆکێک کە بتوانێت کوردستان بکاتە قیبلەی سەرۆکەکان سیاسەتمەدارانی گەورەی  جیهان.  سەرۆکێک بەر ئەوەی سەرۆکایەتی بکات هەڵسوکەووتی سەرۆکی هەبێت و بەرگری هەتتا لە (تاوانباران)ی کورد بکات.
هەر سەرۆکێک یان سەرۆکاتیەک نەتوانێت ئەو ئەرکانەی سەرەوە بەدی بێنێت، ناتوانین ناوی سەرۆکی لێ بنێین و وردە وردە پشتگیری کورد بۆی نامێنێت.
بۆیە هەر سیاسەتمەدارێک بیەوێت بە شێوەیەکی ڕەسمی ببێتە سەرۆکی باشووری کوردستان، پێویستە بیر لە هەندێ خاڵی گرنگ بکاتەوە، بەر ئەوەی خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندید بکات. لەبەر گەلێ هۆ. بۆ ئەوەی خۆمان لە بارودووخ نزیک بکەینەوە، پەنا بۆ باری ئێستای کوردستان دەبەم.

* یەکەم کاندید بۆ سەرۆکایەتی باشووری کوردستان، هێژا مەسعود بارزانییە، بە ڕەزامەندی مام جەلال و یەکێتی هەروەها بەو پشتگیریە جەماوەرییەوی کە هەیەتی.

* بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری شۆڕشێکی کوردی درێژخایەن، ئازادە لە ڕادەربڕین و وەرگرتنی هەڵوێست و قسەکردن دەربارەی ڕۆداوەکانی کوردستان، هەر کاتێک بارزانی پۆستی سەرۆکایەتی وەربگرێت ئەو ئازادیە لەدەست دەدات و زیاتر وەک بەرپرسیارێکی حکومی قسە دەکات.
 چونکە کێشەی کورد تەنیا لە باشووری کوردستان نییە و پێویست بە ڕۆبەڕۆبۆنەو لە گەڵ حکومەتی مەرکەزی و ولاّتانی تر دەکات . وەک سەرۆکی ڕەسمی  سەرۆک ناتوانێت ئەو ڕۆبەڕۆبۆنەوەیە بەگوێرەی خواست و یستی گەلی کوردستان بکات، بەهەمان شێوەی ڕاگەیاندن.ڕاگەیاندنی حکومی و حیزبی ناتوانێت بەهەمان شێوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ  مامەڵە لە گەڵ هەواڵ و نووچەکان بکات.

* بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم پەیوەندی ڕەسمی لە گەڵ عێراق و حکومەتی مەرکەزی دەبێت. هەتتا ئەگەر دەستوورێکی هەرە پێشکەوتوو بۆ عێراق دابنێن،  سنووری دەسەلاّتی سەرۆکی  هەرێم ناگاتە سنووری دەسەلاّتی سەرۆک یان سەرەک وەزیرانی عێراق، ئەوەش دەبێتە ئەگەری نەبوونی ئازادی کارکردن و بڕیار وەرگرتن.  بۆیە مانەوە لە دەرەوەی سنووری دەسەلاّتە حکومیەکان و تەسەلسولی حکومی، بواری ئەو ە بۆ هەر ڕابەرێک دەرودخسێنێت کە بەرەنگاری دەسەلاّت بێت و لە سەنگەری ئوبۆزسیۆندا بێت بەرامبەر بە عێراقی عەرەبی.

* سیستانی باشترین نموونەیە بۆ چاولێکردن لە ڕۆی بەڕێوەبردن و بۆن بە سەرۆک لە دەرەوەی پۆستە ڕەسمیەکاندا. ئێستاکە سیستانی لە هەموو کەسانێک لە عێراقدا بەهێزترە و هەموو بەرپرسیارانی حکومی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی سەردانی دەکەن ولەو قسەو بڕیار وەردەگرن. بارزانیش لەدەرەوەی بازنەی ڕەسمیدا تاوەکوو ئێستا ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە، زیاتر لە تاڵەبانی کاتێک بووە سەرۆکی عێراق. تاڵەبانی بەر ئەوەی ببێتە سەرۆکی عێراق نرخێکی زیاتری هەبوو لای وڵاتانی دەرەوە و ئەمریکا. بەهەمان شێوە هەتتا کەسانێکی وەک موقتەدای کوڕی سەدر، ئەگەر سبەینێ لە حکومەتدا بەشدار بێت هیچ قیمەتی نامێنێت. سەربەخۆیی ڕابەر، مەرجی سەرەکی سەرۆک بۆنە. ئەگەر کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ بوایە ئەو کاتە سەرۆکی کوردستانیش نرخی دەبوو.

خومەینی نەبوو بە سەرۆک لە ئێران، بەڵام لە هەموو سەرۆکێکی ئێران گەورەتر بوو. جێگا و نرخی خومەینی لە شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا لە یاسای ڕابەر نەهاتووە، بەلکوو لەو جێگایە هاتووە کە خۆی بۆ خۆی دانا. هەر کەسانێک بتوانێت هەست و نەستی گەلەکەی بجۆڵێنێت و دەستبەکاریان بکات، سەرۆکە بە بێ ئەوەی بە شێوەیکی ڕەسمی بکرێتە سەرۆک.

* لەم بارودووخەدا باشووری کوردستان پێویستی بە سەربەخۆبوونە، هەر سەرۆکێک مامەڵە لەگەڵ داگیرکەران بکات یان چاوپۆشی لە کردەوەکانی حکومەتەکان و لایەنەکان بکات، متمانەی خۆی لە دەست دەدات. چونکە سەرۆکی کوردستانێکی فێدرال ناتوانێت باسی سەربەخۆیی و دەولەتی کوردی و یەکگرتنی پارچەکانی کوردستان بکات، بۆیە بەشێک لە ئەرکەکانی خۆی وەک سەرۆکی کوردستان لە دەست دەدات. چونکە کوردستان بەشێک لە عێراق دەبێت. بەڵام ئێستا بارزانی بەبێ ترس باسی ئەو خاڵانە دەکات.

یەکێ لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی بارزانی کوردستانی بیرکردنەوەکەیەتی، شانازیکردنە بە پێشمەرگە، باسکردنی مافەکانی کوردە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، سووربوونە لەسەر گەڕاندنەوەی شارە کوردستانیەکان. یەکێ لە خاڵە هەرە لاوازەکانی تاڵەبانیش عێراقی بوونیەتی، بەرگریکردنی ئەوە لە مانەوە لەگەڵ عێراقدا، هەوڵدانی ئەوە بۆ خۆ دەرهێنان وەک مرۆڤێکی پەرۆش بۆ عێراق زیاتر لە کوردستان.

ئەگەر ئێستاکە بارزانیش لە بەغدا بوایە چ وەک سەرۆکی عێراق یان جێگری سەرەک وەزیرانی عێراق، ئەو جێگایەی نەدەما و هەیبەتی ئەو دەشکا. ئەو یەکە پەیوەندی بە مێنتالێتی و ئەخلاقی سیاسی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە هەیە. لەوانەیە زۆر کەس تەمەلوق بۆ سەرۆک بەرپرسیاران بکەن و گوێڕایەڵی ئەوان بن، بەڵام ئەوانەی لە دوڵەوە خۆشیان دەوێت کەمن.

بۆنی بارزانی بە سەرۆکی هەرێم لەم بارودۆخەدا ناچاری دەکات وتاری سیاسی خۆی بگۆڕێت. گەلی کوردستانیش مامەڵە لە گەڵ وتار دەکات نەک چ لەناو دڵی ڕابەردا هەیە. بۆ نموونە گەلی کورد حەقی بەوە نییە تاڵەبانی لە دڵی خۆیدا چۆن بیر دەکاتەوە، ئەوەی گرنگە چ بە گەڵ دەڵێت.

* سەرۆکی کوردستان لەم کاتەدا لە پراکتیکدا پارێزگارە نەک سەرۆک. تاوەکوو هەردوو ئێدارە یەک نەکرنەوە، تاوەکوو هیزی پێشمەرگە نەکرێتە یەک، تاوەکوو یەک میزانی بۆ کوردستان دانەنرێت، تاوەکوو هەر سێ دەسەڵات لەیەکتری جیا نەکرێنەوە، سەرۆکی کوردستان دەسەڵاتی بەسەر هەموو کوردستاندا نابێت. نە بۆنی دەسەڵات بەسەر هەموو کوردستان بە نەرێنی لەسەر سەرۆکدا دەشکێتەوە و هەر هەڵەیەک بۆ ئەو حیساب دەکرێت.

کەواتە ئێمە بەرامبەر سەرۆکێکدا دەبین کە دەسەڵاتی بەسەر کەمتر لە نیوەی کوردستاندا دەبێت. کوردستانێک کە پێویستە یەک لەسەر سێی ڕزگار بکرێت و یەک لەسەر سێی تریش بە سێکیەکەی تر بلکێنرێتەوە. ئەم کارەش بە سەرۆکێک دەکرێت کە دەسەڵاتی هەبێت و کێشەی لەکەڵ داگیرکەرانی نەبێت.

* سەرۆکی کوردستان دەبێ وەک باوەک بێت، بەرژەوەندیەکانی هەموو چین توێژەکانی کوردستان بپارێزێت. بۆن بە سەرۆکی ڕەسمی ناچاری دەکەن بڕیار وەربگرێت کە لەوانەیە دژی بەشێک لە گەلی کوردبن چونکە سەرۆک دەبێ ملکەچی یاسیا بێت، بەڵام سەرۆکی نارەسمی پێویست ناکات بە گوێرەی یاسا ڕەفتار لەگەڵ گەلەکەی بکات و دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بۆ یەکگرتنەوەی چین و توێژەکانی

کوردستان بەکاربێنێت. سەرۆک دەبێ ئەمری ئیعدام ئیمزا بکات، بەڵام سەرۆکی ناڕەسمی دەتوانێت بڕواتە تازیەکەی و دڵەدڵیان بدات.

بۆ نموونە هەموو هەڵەکانی حکومەتی پێشووی عێراق بۆ عەلاوی حیساب کران و ئێستاکەش هەر وەزیرێک تەحویلی دادگا بکرێت یان دزی و پارەی لێدابن، دەکەنە خەتای عەلاوی و ئیستاکە لایەنگرانی عەلاوی بەرەو لاوازی دەڕۆن. لە کوردستانیش هەڵەکان ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆک دەگەڕێنەوە. گرتنی ڕۆژنامەوان، بەرگریکەرانی مافی مرۆڤ، سیاسەتمەدار و هتد هەمووان دەکەونە سەر ملی سەرۆک. سەرۆکی ڕەسمی بە گوێرەی یاسی سەرۆکایەتی ناتوانێت بمێنێت بەڵام ڕابەر کەس ناتوانێت لای بات.

* وەک تێبینەیەکی تایبەت، بەندە لەو باوەڕەدایە کە کوردستان زیاتر پێویستی بە ڕابەرە نەک سەرۆک لەم قۆناغەدا . ڕابەرێک کە جێگای متمانەی خەڵک بێت و بەیەک قسەی ئەو هەموو گەلی کوردستان بکەونە سەر جادە یان ڕۆ بکەنە جیاکانی کوردستان و چۆن لە ساڵانی بەر لە ئێستا بارزانی و تاڵەبانی هەر یەکەو لەسەر ئاستی خۆی ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە و هەموو کاتێک ئەوان لە سەرۆکی حکومەت و ئەوانی تر گەورەتر بوون. بەهەمان شێوە ڕابەر دەتوانێت ئەو ئەرکە بگێاێت.

لەوانەیە بوونی تاڵەبانی بە سەرۆکی عێراق و وەرگرتنی ئەو پۆستە خەسارەتێکی گەورەی لە کەسایەتی ئەودابێت و هەموو هەوڵ تەقەلاکانی ئێستای یەکێتی دەربارەی سەرۆکایەتی هەرێم لەوە هاتووە کە تازە هەستیان بەوە کردوە چ هەڵەیەکی گەرەیان کردوە کاتێ مام جەلال ڕازی بوو خۆی بکاتە سەرۆکی عێراقێکی ئاوایی.

سەرۆکایەتی کوردستان هەر چەندە بە هەمان شێوەی سەرۆکایەتی عێراق نییە، بەڵام سەرۆکایەتی کوردستان بە مەرجەکانی ئێستا و لەم بارودووخەدا لە بەرژەوەندی کەسایەتی بارزانیدا نییە. بارزانی دەتوانێت و بۆی باشترە درێژە بە خەباتی ڕابەری بدات و هەموو دونیا بزانێت کە بڕیاری سیاسی کوردی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕەسمی کوردیدایە و بەم شێوەیە کەس ناتوانێت فشار بخاتە سەر حکومەت و ترسێکی باشیش بە بەردەوامی لە دڵی دوژمنانی کورددا دەبێت، چونکە لە شەڕی یاساییشدا کورد کونترۆل ناکرێن.

خەسارەتێکی گەورەیە کورد ڕابەرێکی نەبێت کە بتوانێت ئازادانە بەرگری لە کورد بکات و ببێتە ورۆژێنەری وتاری سەربەخۆیی کوردستان و گەڕاندنەوەی شارە کوردستانیەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردی.

پێویستە بارزانی بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕۆڵەی کە ئێستا دەگێڕێت و وتاری سیاسی کوردستانی بەهێزتر بکات بەرامبەر وتاری عێراقیی کە خەریکە کوردستان بە عێراقەوە دەلکێنرێتەوە لە جیاتی ئەوەی بەرەو ڕزگاربوون ببات. وەرگرتنی پۆستی ڕەسمی لە عێراق یان لە کوردستانێکی لکێنراوە بە عێراقەوە، وتاری کوردستانی و ڕابەری کوردستانیی تاوی دەکات.

---

تێبینی:

( ئەم بابەتە پەیوەندی بە بیری کەسیی نووسەر و ناکۆکی نێوان پارتی یەکێتییەوە نییە، زیاتر تێڕوانینێکی واقعیانەیە بۆ کیشەی سەرۆک لە باشووری کوردستان لە بارودووخی ئەمڕۆدا)